

ژیل کێپێل

# کەوتنی بەشار ئەسەد، دەرکەوتەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ شڵەژانێکی جیهانی

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت | کاروباری جیهانی

دامەزراوەی فیگارۆ | Le Figaro

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# بەشار ئەسەد، دەرکەوتەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ شڵەژانێکی جیهانی

ژیل کێپێل

دامەزراوەی فیگارۆ (Le Figaro)

LE FIGARO

دێسامبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

**گفتوگۆی فیگارۆ لەگەڵ سیاسەتناس و پسپۆڕی جیهانی عەرەب، ژیل کێپێل کە بەم دووایانە کتێبێکی بەناوی "وەرچەرخانی جیهانی، دووای حەوتی ئۆکتۆبر" نووسیوە.**

**فیگارۆ: ڕاپەڕیوەکان بە سەرکردایەتی ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکان، ڕۆژی یەکشەممە لە تەلەفزیۆنی فەرمی سووریا "ئازادکردنی" دیمەشق و کەوتنی بەشار ئەسەدیان، دووای هێرشێکی لەناکاو و خێرا، ڕاگەیاند. ئایا دەتوانین وەک ئێوە پێشتر لە کتێبەکەتان باستان کردووە، باسی گۆڕانکارییەکی جیهانی بکەین؟**

**ژیل کێپێل:** لەهەموو حاڵەتێکدا، ئەم کەوتنە، یەکێکە لە دەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکانی ئەو گۆڕانکارییە. ئەمە بەشێکە لە تەقینەوەیەکی جیهانی کە ئێستا هەڕەشە لە ئێران دەکات و بە کەوتنی ئەسەد ئێجگار لاواز بووە و هەروەها ڕاچڵەکانێکیشە بۆ ئیسرائیل؛ چونکە لەو شەیتانەی کە دەیناسی ڕزگاری دەکات. بەڵام بوونی گرووپێکی ئیسلامیست (ئەگەر شایەنی لەبەرچاوگرتنی سیاسیش بێت) لەسەر سنووری بەرزاییەکانی گولان (جۆلان)، بۆ ئیسرائیل کێشەیە. بەتایبەت ئەگەر ناوی سەرۆکی ئەو گرووپەی کە دەسەڵاتی عەلەوی-بەعسی تێکشاند، "ئەلجۆلانی" بێت، لە زمانی عەرەبیدا بەمانای "بە ڕەچەڵەک ناوچەی جۆلان" دێت"، دایکوباوکی جۆلانی سوننی بوون و لە دەست حافز ئەسەد بەرەو سعودیە هەڵهاتبوون و لەوێ کوڕەکەیان لەدایک بوو و بە پەروەدەیەکی پەڕگیر سەلەفی کرا. هەروەها ئەمە لێدانێکی قورسە بۆ ڕووسیا، کە لە مەترسیدایە دوو پێگەی سەربازی لەسەر دەریای مەدیتەرانە لە دەست بدات. پێگەیەکی سەربازی لە تەڕتووس، کە شەش کەشتی ئەو پێگەیە ئێستا لە وشکایی دوورکەوتونەتەوە،

هەروەها پێگەیەکی هەوایی لە حەمیم، لە سنووری درۆنەکانی ڕاپەریوەکانی سووریایە! لەو کاتەدا کە زلنسکی (سەرۆکی ئۆکراین) بەبۆنەی کردنەوەی کڵێسای نۆترۆدامی نۆژەنکراو، لەژێر چاودێری ئێمانۆئێل ماکرۆندا، لەگەڵ سەرۆکی نوێی جیهان، دۆناڵد ترامپ، یەکتر دەبینن، ئەمە دەبێ دەستی ئۆکراین کراوەتر و بەهێزتر بکات. لە ڕاستیدا سەرنجڕاکێشە، لە ڕۆژی 6ی سێپتامبر، کە دەست بەسەر حەلەبدا گیرا، جۆلانی بە تیشێرتێکی هاوڕەنگی سەرۆکی ئۆکراین لەگەڵ CNN چاوپێکەوتنی کرد!

**فیگارۆ: ئەمە چ لێکەوتەیەکی بۆ ناوچەکە دەبێت؟**

**کێپێل:** سەرەتا، هەڵوەشاندنەوەی "هیلالی شیعی"ـە کە وەکوو "بەرەی بەرخۆدانی دژە زایۆنیزم" بەسەرۆکایەتی تاران دەناسرا. ئێران، یەک لەدووای یەک حەماس، حیزبوڵا و سووریای لە دەست دا. ئەمە نائاساییە، ئەگەر ڕژێمی ئێران بیهەوێت فۆڕمێک لە بەردەوامی بداتە خۆی، لانیکەم دەبێ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ناوخۆدا بکات. دراوسێ نێچیرەکانی ئێران دەشێ بە خۆشحاڵییەوە تەماشای ئەم دۆخەی ئیران بکەن. وڵاتێک کە لە سەرەتای "ئەتۆمیبوون"دایە، سامانێکی زۆری هەیە، چینی ناوەڕاستی زۆر گەشەسەندووی هەیە. پەیوەندییەکانی من لەگەڵ ئەمریکاییەکان دانیان بەوەدا نا کە لە نیۆیۆرک چاوپێکەوتنی ئیلان ماسک و باڵیۆزی ئێران لە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە 11ی نۆڤامبر ئەنجام دراوە. دەکرێت بیهێنینە پێش چاومان کە "مامەڵە" لەگەڵ ئێرانێکی "پۆست-ئیسلامیست" چەندە بۆ دۆناڵد ترامپ سەرنجڕاکێش و گرنگ بێت. ئەوەش لە بیرنەکەین، کە ئێرانی سەردەمی شا، هاوپەیمانێکی پتەوی ئیسرائیڵ بوو. لەم وەرچەرخانە جیهانییەدا دەرگا بەسەر هەموو ئەگەرێکدا کراوەیە.

سەرۆکی هەڵبژێردراو (دۆناڵد ترامپ) دوێنێ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی "ئێکس"ی ئیلان ماسکی هاوڕێی، نووسی کە ئەمریکا خۆی دوور دەگرێت لە پێکدادانەکانی سووریا، "ڕژێمێکی خراپ". ئەمە بەتەواوی درووست نییە، هەندێ بنکەی سەربازانی ئەمریکایی لە ژێر کۆنترۆڵی ناوچە کوردییەکان، لە باکوری خۆرهەڵاتی سووریادا بوونیان هەیە. هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیک SDF\هەسەدە، کە کوردن، دووای کەوتنی ئەسەد ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ئەبووکەمال و دێرەزوور، هاوسنووری عێراق، فراوان کرد، کە ناوچەیەکە وەک شاڕێگەی یارمەتی ئێران بۆ بەشار ئەسەد و حیزبولا؛ دەبێ بزانین کە هێزەکانی هەسەدە، بەبێ ڕێگەپێدانی ئەمریکاییەکان ناجوڵێن.[1]

**فیگارۆ: گروپی جیهادی "حەیاتی تەحریر ئەلشام" لە پشت ڕووداوەکانی سوریاوەیە، ئەم گروپە کێن؟ لە چیدا لە لەگەڵ داعش جیاواز یان هاوشێوەن؟**

**کێپێل:** ئەبومحەمەد ئەلجۆلانی (ناوێکی خوازراوی جیهادی) لە بنەڕەتدا لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعشەوە، بۆ "پشتگیری لە ڕاپەریوەکانی بەهاری عەرەبی و ئیسلامیکردنی ڕاپەرینی سووریا، ڕەوانە کرا. لە دێسامبری 2013دا، یانزەساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ کەناڵی جەزیرە گفتوگۆیەکی کرد و لە بەرگێکی جیهادیدا شانازی بەم پێگەوە کرد. دووای دوو ساڵ لە مانگی مەی 2015دا، دیسان گفتوگۆیەکی دیکەی لەگەڵ ئەم کەناڵە قەتەرییە کرد، سەدوهەشتا پلە جیاواز و بەبێ چەک، ئەویش بۆ ئەوەی کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەلقاعیدە بدرکێنێت و داعش مەحکوم بکات. ناوبراو دوواتر  لە ئیدلیب بووە سەرۆکی ناوچەی " زۆنی ئارامکردنەوە، خفض التصعید" و هەر لەوێوە هێرشە لەناکاوەکە دەستی پێکرد و لە ماوەی دوو حەفتە ڕژێمێکی ڕوخاند کە لە 1970ـەوە لە دیمەشق دەسەڵاتدار بوو.

**فیگارۆ: ئەم بەرە نوێیە، ئاکامی ڕاستەوخۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستماتیکی "بەرەی بەرخۆدان"ی ئێران و هەژموونی هێزەکانی ڕووسیا لە شەڕی ئۆکراینە؛ چۆن گەیشتینە ئێرە؟**

**کێپێل:** دووای کوشتاری 7ی ئۆکتۆبر لە لایەن حەماسەوە، ئیسرائیڵ بەشێوەی هاوکات، دوو هێرشی دەست پێکرد، سەرنجی جیهان لەسەر یەکەمیانە کە ئێستا 45000 کەسی تێدا کوژراوە و تۆمەتی جینۆسایدی خستۆتە پاڵ ئیسرائیڵ. بەڵام دوومیان ئامانجێکی درێژخایەنی هەیە کە بریتییە لە لاوازکردنی "بەرەی بەرخۆدان" بە سەرکردایەتی تاران و بە لاوازکردنی ئەسەد کە بەشێکە لە " شوڕشی ئیسلامی ئێران" دەستی پێکرد. هەروەها میلیشیا شیعە جیاوازەکانی ناوچەکە، بەتایبەت حیزبوڵای لوبنان لەسەر زەوی کە لە ژێر چاودێری هێزی ئاسمانی ڕووسیا (لە سورویا) جوڵەیان دەکرد.

گرووپەکانی سوپای سووریا کە بەوەفابوون بۆ ڕژێمی ئەسەد، لە کەمینە ئێتنیکییەکان، بەزۆری عەلەوییەکان، کە خێزانی ئەسەدیش عەلەوی بوو، ژمارەیەکی کەم بوون و بەهۆی ساڵانێکی درێژی شەڕکردن، داهێزرابوون. زۆربەی ڕاپەڕیوە سوننی و ئیسلامییەکان لە ژێر چاودێری ئەفسەرە سوننییە ڕووسیەکان کە لە قەوقازەوە هاتبوون، لە ساڵی 2016 بەرەو ناوچەی ئارامی ئیدلیب -هاوسنووری تورکیا- گوازرابوونەوە.

ئەم ژینگە و زەمینە ئیسلامییەی ئیدلیب، ڕێگەی بە تەحریر ئەلشام ( HTS ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی شام) کە پێشتر لقێکی لۆکاڵی ئەلقاعیدە بوو، خۆش کرد تا تورکیای ئەردۆغان بەدەستکراوەییەوە، کە ترانزیتی یارمەتی و کەرەستەی سەربازی و ناسەربازی بوو، سوودی خۆی وەربگرێت. ئەم گرووپە تا ئەوکاتەی ڕووسەکان، پاسدارەکان و ملیشاکانی حیزبوڵا لەشەڕدا بوون، خۆیان لە ململانێکانی سووریا دوور گرتبوو. پاشان هێزی ئاسمان ڕووسیا لە ئۆکراین

جێگیر کرایەوە، دوواتر ژەنەڕاڵەکانی پاسداران بە هێرشەکانی ئیسرائیڵ لەناوچوون تا ئەو شوێنەی کە هێرش کرایە سەر کۆنسوڵی ئێران لە دیمەشق. تاران ناچار بوو بە هاژەک لە 1ی ئەپریل هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی ئیسرائیڵ، بۆ ئەوەی ئاکامێکی ئەوتۆی هەبێت. دوواجار لە مانگی سێپتامبر، تەقاندنەوەی پەیجەرەکانی حیزبوڵا، کە هەزاران ئەفسەری حیزبوڵای لە لوبنان لە کارخست و لە کۆتاییدا سڕینەوەی حەسەن نەسروڵا لە 27ی سێپتامبری لێکەوتەوە، شەڕکەرە سوورییەکانی چاوەترس کرد کە بە خێرایی بگەڕێنەوە، جێگۆڕکێی پێگەکان ڕوویدا و تەحریر ئەلشام دووای خۆئاماکردنێکی چەند ساڵە سوودی لێوەرگرت. زۆربەی ئەم چەکدارانە کە لە ناوچە سونییەکانی باکووری خۆرهەڵاتەوە هاتوون و زۆر بەباشی ناوچەکان دەناسن، وەکوو ئەوەیە بە ئاسانی گەڕابێتنەوە ماڵی خۆیان، چونکە پەیوەندییەکی لۆکاڵی زۆریان هەبوو و سوپای ڕژێمی ئەسەدیش وێران ببوو و گەندەڵییەکی ناوچەیی تەفروتونای کردبوون. موچەی مانگانەی سەربازانی سووری گەیشتبووە پانزە دۆلار !

**فیگارۆ: کەواتە ئەم بەرە نوێیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەرەنجامی دوو بەرەی دیکەیە: جەنگی ئۆکراین و بەرەی شەڕی ئیسرائیڵ و حیزبوڵا...**

**کێپێل:** لەڕاستیدا ئەمە بەرەنجامی ڕاستەوخۆی ڕووخانی سیستماتیکی " بەرەی بەرخودان"ی ئێرانە لەلایەن ئیسرائیڵ و گەمارۆدانی هێزە ڕووسیەکان لە جەنگی ئۆکراین. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ پووتین، چونکە دەیسەلمێنێت کە توانای ئەو وڵاتە لە دەرەوە و پشتگیری لە هاوپەیمانەکانی، زۆر لاواز بووە. لەو کاتەدا کە مانۆڕی سیاسی گەورە هەیە بۆ "مامەڵە" لەگەڵ دۆناڵد ترامپ و کۆتاییهێنان بە جەنگ لە ئۆکراین، مۆسکۆ ناتوانێت لە پێگەی هێزەوە بچێتە نێو دانوستاندنەوە.

**فیگارۆ: ئایا ئەمە ناڕاستەوخۆ بەمانای لاوازبوونی ڕژێمی ئێرانە؟ ئایا هێشتا پێتاوایە هەرەس دەهێنێت؟**

**کێپێل:** تاران لە دۆخێکی زۆر لاوازدایە، چونکە هەموو ستراتیژییەکەی بۆ پڕچەککردنی هێزە پرۆکسییەکانی لە سووریا و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل، ئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە. لە ئێستادا حەماس تەنیا وەک هێزێک ماوەتەوە کە دەیهەوێت لە ڕێگەی بارمتەکانەوە باج و دەستکەوت وەربگرێت. حیزبوڵا تەنیا وەک حاڵەتی گریلایی لە باشووری لوبنان چالاکە و چیتر توانای پلانی ناوچەیی نییە. ڕژێمی سووریا ڕۆژی شەممە لە بەرەی عەلەوی کە دەکەوێتە نێوان دیمەشق و کەناراوەکانی مەدیتەرانە -ئەو شوێنەی کە قۆناغی یەکەمی جەنگی ناوخۆی سووریا لە 2012 تێیدا ڕووی دا و ئەسەد بە  یارمەتی حیزبوڵاوە ڕزگاری بوو- شکستی هێنا. حەفتەی ڕابردوو، خێزانە عەلەوی و مەسیحییەکانی شار حمس (کە دوو لەسەر سێی شارەکە سوننین) بەرەو کەناراوەکان هەڵهاتن و شاری حمس داڕما و لە شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە ڕێگەی شاری دیمەشقی کرایەوە.

**فیگارۆ: ئایا تورکەکان لەم هێرشە لەناکاوەدا ڕۆڵیان هەبوو؟**

**کێپێل:** بەبێ گوڵۆپی سەوزی ئەوان ڕووی نەدەدا. لەلایەکەوە، میلیشیاکانی سوپای نەتەوەیی سووریا، کە لەلایەن ئانکاراوە پڕچەک کراون، ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ دەرکردنی کورد لە باکووری خۆرئاوا و ناچارکردنیان بە پاشەکشێ بەرەو باکووری خۆرهەڵات (ڕۆژئاوا) کە لەلایەن هێزی کوردەوە بەڕێوە دەبرێت و لەلایەن پێگە سەربازییەکانی ئەمریکاوە پارێزراوە. لەلایەکی ترەوە، لاوازکردنی جەمسەری ئێران لە شام، جەزیرە و سەرووی فوڕات، کە لە مێژوودا لەژێر گوشاری عوسمانیدا هاوسەنگییەکی بەخۆوە بینیوە: ستراتیژییەک کە سوڵتانێکی مۆدێرن

بەناوی ئەردۆغان، ڕۆڵی تێدا هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو دەستی خۆی بەرەو هەموو لایەک درێژ دەکات. تورکەکان دەتوانن بە ڕێگریکردن لە هێرشی "باشبوزوق"ـەکانی[2] بۆ سەر پێگە دەریایی و ئاسمانییەکانی ڕووسیا، دڵنیایی بدەنە مۆسکۆ و باجێکیش لە پووتین وەربگرن. هەم ئیسرائیل و هەم ئێران دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەن. تورکەکان هاوکات، خۆیان خستۆتە پێگەیەکی بەهێز لە "دانوستاندنە گەورەکە" کە ترامپ باسی دەکات. ئێمە لە سەروبەندی "وەرچەرخانێکی گەورە"ی جیهانداین.

**فیگارۆ: ئایا مەترسی سەرهەڵدانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ڕاستەقینەیە؟ ئایا دەکرێت مەسیحییەکانی خۆرهەڵات، یەکەمین قوربانی بن؟**

**کێپێل:** داعش پێشتر لە هێرشێکدا بەرەو پالمێرا، کوشتاری کردبوو. بەڵام بەراورد لەگەڵ تەحریر ئەلشام (کە پێشتر پێکدادانی خوێناوییان هەبووە) زۆر لاوازترە. ئەبو محەمەد جۆلانی، لە 4ـی دێسامبر، کە لە بەردەم قەڵای هەزارساڵەی حەلەبدا خۆی دەرخست، بەم دوواییانە هەندێ گفتوگۆی کردووە و جلوبەرگی سەربازی داناوە و لە بەرگی مەدەنیدا دەردەکەوێت تاکوو دڵنیایی بداتە خۆرئاواییەکان. وانایەتە بەرچاو هیچ تاوانێک دژ بە مەسیحییەکانی ئەم شارە ڕووی دابێت، بەراورد بەوەی کە داعش لە موسڵی عێراق لەگەڵ مەسیحی و هاودینەکانی خۆیدا کردی. بەڵام دەبێ زانیارییەکان هەمیشە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، چونکە ئەو کەمینانە خۆیان لە نێوان دوو ئاگردا دەبینن، لەم قۆناغەدا زیندانەکانی ڕژێم لە هەموو شوێنێک شکێندران و هەزاران بەندکراو ئازاد کراون. بەڵام با چاوەڕێ بین و بزانین چی دەقەومێت، چونکە لەوێ هەموو شتێک ڕێی تێ دەچێت.

**فیگارۆ: ئـایا لـە فـەڕەنـسا دەبێ نیگەرانی بـەهێزبـوونی هـەڕەشـەی جیهادییەکـان بین؟ ئـایا کابووسی 2020 تا 2015 لە باکگراوندی کەشێکی جیهادیدا دووبارە دەبێتەوە؟**

**کێپێل:** ئێمە لـە هـەلـومـەرجی هـاوشێوەی جـارانـدا نین و دەشێ کۆچی پێچەوانـەی سـوورییە ئاوارەکان ڕوو بدات و ئەمەش بەتایبەت ویستی ئەردۆغانە کە هەستی دژە بیانی و دژە سووری لەناو دەنگدەرەکانیدا گەشەی کردووە. بەڵام ئێمە ناتوانین پێشبینی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بکەین. مـن نیگەرانـم لـەوەی کـە ئـەمڕۆ بـەهۆی بیرۆکـراتییەوە، پسـپۆڕەکان لە داواکـاری گشـتی نـەتـەوەیی بۆ دژایەتی تیرۆڕ وگەشەی ئـاسـایشی نـاوخۆی فـەڕانـسا جیا دەبـنەوە. بێتوانـایی بەڕێوەبردن لە ڕابردوودا، ئاکامی کارەساتباری بۆ فەڕانسا هەبووە.

---

سەرچاوە:

https://www.lefigaro.fr/vox/monde/gilles-kepel-la-chute-de-bachar-el-assad-est-la-manifestation-cruciale-d-un-bouleversement-du-monde-20241208

**پەراوێز:**

1 (ئەم چاوپێکەوتنە پێش کشانەوەی هەسەدە لە دێرەزوور ئەنجام دراوە)

2 بۆ زانیاری لەسەر باشبوزوق بڕوانە:
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%A8%D8%A7%D8%B4%D8%A8%D9%88%D8%B2%D9%88%D9%82_(%DA%BE%DB%95%DB%8C%D8%AA%DB%95